ئەمە قەربووی زیانلێکەوتووانی ئاگرکێی دارسووتاوەکە دەکرێتەوە

ئەمە دووشەمە، لە سەر راسپاردەی قوباد تاڵەبانی، لێپرسراوی مەکتەبی سکرتارییەتی سەرۆک مام جەلال، دوکاندارە زیانلێکەوتووەکانی بازاڕی دارسووتاوەکەی سلێمانی قەربووی دارایی دەکرێنەوە".

ئەحمەد محەمەد، لێپرسراوی نووسینگەی سلێمانیی قوباد تاڵەبانی، لێپرسراوی مەکتەبی سکرتارییەتی سەرۆک مام جەلال، رایگەیاند، لەسەر راسپاردەی قوباد تاڵەبانی، "ئەمە قەربووی دارایی زیانلێکەوتووانی ئاگرکێی بازاڕی دارسوتاوەکەی سلێمانی دەکرێتەوە".

وتیشی، "پرۆسەی قەربووکردنەوەکە لە گەڕەکی بەختیاری بینای کاروباری حزبیی قوباد تاڵەبانی،

تەنیشت چاودێریی دارایی، پشت سەنتەری گەنجانی کەن کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆ بە ئامادەبوونی لیژنەی هەڵسەنگاندن و دوکاندارانی زیانلێکەوتوو بەڕێوەدەچێت".

□